
# تیشکێکی تر لەسەر مێژووی شاری کەرکوک

سیروان کاروانی



30/5/2001

**تێبینی :ئەم نووسینە لە پەرتووکی(**

**کەرکووک شاری ئاڵتوونی ڕەش)ەوە ،نووسین و لێکۆڵینەوەی :سیروان کاروانی ،کەشێک هێشتا**

**چاپ نەبووە، وەرگیراوە**

**لەسەر ئەو برە زانیارییەی دەربارەی مێژووی شاری کەرکووک کە لە کوردستانپۆستدا بڵاو کراوەتەوە، بە پێویستم زانی ئەم دەقەشی بخەمەسەر.**

**ئەگەر تەماشای مێژووی ئەم شارە بکەین، دەردەکەوێت کە هەر لە کۆنەوە شوێنێکی باش بووە بۆ نیشتەجێبوونی کۆمەڵگای جۆربەجۆر. کورد، عەرەب، تورکمان، برێکی کەم سریانییەکان کە بەزۆری لە گەڕەکی (عەرەفە) و جولەکەکانیشی لێ ژیاون، بەڵام زۆربەیان کورد بوونە کە وەکوو خاوەنی کولتووری شارەکە ناسراون و ئەو شوێنەوار و ئاسەوارە دیرۆکییانەی جێماون موڵکی کورد بوونە و پیشانی دەدەن کە کورد کۆنترین نەتەوەیە کە بە خاوەنی شارەکە دەژمێردرێت. . لە مێژووی (تەیموری لەنگ) دا، یەکەم ئاماژەی مێژوونووسەکانی ئیسلامی بە کەرکووک کراوە لە ناوی (چەفرنامە)، نووسراوی (عەلی یەزیدی)(١).**

**لە ماوەی ئەم چەند ساڵانەی دواییدا بڵاوکراوە و نووسراوەی گومڕا و بۆچوونی پێچەوانە لەسەر مێژووی بوونی کەرکووک بە هەموو ئاسەوارەکانییەوە و قەڵا دێرینەکەی زۆر بوونە، ئەمانە بە ئامانجی پچڕاندنی لە گیانی خوارووی کوردستان، وە چەندین پێنووسی ڕەگەزپەرستی لەوانە بە نارەوا مێژووی کەرکووک بۆ ئایندەیەکی نزیک دەگەڕێننەوە. تەنانەت هەندێک لەوان دامەزراندنی بۆ دەمانی تورکە سەلجوقییەکان و هەندێک بۆ فەرمانڕەوایێتی عەباسییەکانی دەگەڕێننەوە. لەگەڵ نارەوایی ئەم جۆرە بۆچوونانە و هەستە شۆڤێنستاناتە، ئەم شارە کەونارایەی کوردییە بە کوردی و کوردستانییەتی خۆی دەمێنێتەوە. بەپێی مێژوو کەرکووک بە یەکێک لە شارە هەرەکۆنەکانی خوارووی کوردستان دەژمێردرێ.**

**مامۆستا و ڕووناکبیری کورد تۆفیق وەهبی، شاری کەرکووک لە شاری هەولێر بە کۆنتر دەزانێت و بەم شێوەیە باسی دەکات:**

***((کەرکووک شارێکی کۆنە، کۆنترە لە هەولێر، لە نووسینە بزمارییەکان بەکۆنتر باسکراوە و کۆنترین زانیاری تایبەت لەسەر کەرکووک ئەوەیە کە لە ڕۆژنامەی جوگرافی ناسراو لەسەر شتەکانی سەرگۆنی ئەکەدی ساڵی نزیکەی ٢٥٣٠ – ٢٤٧٣ی پێش زایین هاتووە. لەو***

*ڕۆژنامەیەدا دەردەکەوێ کە ناوی وڵاتی "ئەربخ" لە نێوان ناوەکانی تردا وەکوو: ئاشووری، لولویی، ئخوتیوم، ئەکەدی و هی تر هاتووە. وە کە (ئەربخ) بە شاری (کەرکووک) ناسراوە.*

*هەروەها لەسەر مێژووی ناوچە و دەوروبەری شارەکە مامۆستا (تۆفیق وەهبی) بەم شێوەیە دەنووسێ: لە کاتی "نرم حسن"ی ئەکەدی، ساڵی ٢٤٠٠ی پ.ز. باکووری عێراق (کە دەکاتە خوارووی کوردستان- نووسەر) بە "سبارت" ناوبراوە و ناوچەی "ئەربخ" بەشێک بووە لە وڵاتی "سبارت" وە ناوچەی کەرکووک لەو کاتەدا بریتی بووە لە کۆمەڵگای داپچڕاو، بەڵام ڕادەی ڕۆشنبیری سامییەکان بەسەریدا زاڵ بووە. لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. "حریون"ەکان کە چەند هۆزێکی ئاسیایین کۆچیان کردووە بۆ باکووری عێراق، لە کاتی کۆچکردنی ئاسیاییەکان کە لەو سەدەیەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕووی دا و "حریون"ەکان "ئەربخ"یان بە پایتەختی خۆیان دانا، پاشان بوونە سامی واتە خۆیان کردە سامییەکان پاش ماوەیەکی کورت. شاری "ئەربخ" و ڕۆشنبیرییەکەی لە ماوەی هەزارەی دووەمی پ.ز. هەروەکوو شاری (بابل) و ڕۆشنبیرییەکەی بووە. یاسا و کولتووری خۆی و کۆمەڵگای ئایینی و هونەری هەبووە، ئایینەکەی بە شێوەیەکی ئخشتی نزیک بووە لە باوەڕی ئاشوورییەکان. لە سەدەی چواردەمی پ.ز. "میتانی"یەکان باڵادەست بوون لە "ئەربخ". ئەو "میتانی"یانەی کە ئیمپراتۆریەتەکەیان کورتخایەن بوو لە باکووری عێراق، بەڵام ئەو زمانەی کە پێی دەدوان زمانی "حریون"ەکان بوو)( ٢).*

شاری کەرکووک لە مێژووی ژیانیدا چەندین جار ئەمدەست و ئەودەستی پێکراوە، هەریەک لەلایەک چاوی تێبڕیوەتە سامانەکەی، بەو شێوەیە دانیشتوانەکەی و دەوروبەرەکەی لە نێوان ئەو هێزانەدا پەرتەندەی ئەم جێ و ئەو جێ بوونە. زۆر جاریش وا ڕوویداوە کە لە نووسینەکاندا بە ناڕەوا باسی لێوە کراوە.

*پادشای یەکەمی ئاشوورییەکان (تکلت - ننرت) ١٢١٨-١٢٥٥ی پ.ز. نووسیویەتی کە وڵاتی (ئەربخ)ی داگیر کردووە. وە ئەو یەکەم پادشا بووە کە داگیری بکات، پاشان کەوتە دەست پادشای عیلامی "شهلک-انشنک" ١١٥١-١١٦٥ی پ.ز. بەڵام "ادد نرری" ٨٩١-٩١١ی پ.ز. لە دەفتەری ئەو شوێنانەی کە ئخرتوونیەتی دەخێرێتەوە، کە شاری "ئەربخ"ی ئخەڕاندۆتەوە سەر موڵکی ئاشوورییەکان. وە نازانین حاڵی "ئەربخ" چۆن بووە لە ماوەی دوو سەدە و نیوی نێوان ئەو دوو داگیرکردنەدا. وە پادشا "شەمس ادد"ی پێنجەم ٨١٠-٨٢٣ی پ.ز. باسی "ئەربخ" دەکات و دەڵێ کە ئەو شارە شوێنی یاریدەدەری پادشای تێدا بووە(٣).*

*لە سەردەمی سەرئخۆن "سرجون" ٧٠٥-٧٢٤ی پ.ز. و "سنحاریب" ٦٨١-٧٠٥ی پ.ز. شاری "ئەربخ" بەدەست ئاشوورییەکانەوە بووە. سنحاریب هاووڵاتییە "کشسینی"یەکانی لە شوێنە شاخاوییەکان دەرکردووە و لە هەندێ لە شارەکان و لەژێر فەرمانڕەوایی حاکمی "ئەربخ"دا بوونە.*

*لە ساڵی ٦١٥ی پ.ز. پادشا "کیاخسار" یاخود "خشتر"ی مادی "کیانی" دەستی بەسەر "ئەربخ"دا ئخرتووە، کە دەیویست شاری نەینەوا بگرێ و پاشان بە هاوپەیمانییەتی پادشا "نیوپولس"ی بابلی ساڵی ٦١٢ی پ.ز. توانی دەستی بەسەردا بگرێ(٤).*

مامۆستا تۆفیق وەهبی پێی وایە کە کەرکووک لە کاتی مادەکان هەر ناوی (ئەربخ) بووە و لای ڕوون نییە کە ناوەکە لە سەردەمی فارسە هەخامەنشییەکان ساڵانی ٣٣٠-٥٤٩ی پ.ز. ئخۆڕاوە بە ناوێکی تر یاخود نا. وە ئەو بەم شێوەیەی خوارەوە باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات:

*هەندێ لە مێژوونووسان وای دەبینن کە شاری کەرکووک "ئەربخ" بە ناوی "متس" هێندراوە لە ناو ئەو شارانەی کە ئەسکەندەر لە کاتی هێرشەکەی ساڵی ٣٣٠ی پ.ز. لە هەولێرەوە بۆ بابل بەسەریدا ڕۆیشتووە. وە لە پەڕتووکی مێژووی ژیانی ئەسکەندەری گەورە و فەرمانڕەواییەکەی کە بە زمانی لاتینی نووسراوە، دانەرەکەی ئەم مێژووە باس دەکات "کونتس کرتیس رفس" "سەدەی یەکەمی زایینی" کە باسی هێرشەکەی ئەسکەندەر دەکات بۆ بابل، بەڵام بە شێوەیەکی گومڕا.*

*ئەم مێژوونووسە دەڵێ: (ئەو ڕێگایە بە دەشتاییدا تێدەپەڕێ کە دەکەوێتە نێوان دەجلە و فورات) "پەڕتووکی پێنجەم ١-١٣" و هەروەها دەڵێ: (پاش چوار ڕۆژ ڕێگا ئەسکەندەر گەیشتە شاری "منیس"، وە لەو شوێنە ئەشکەوتێک هەیە کە بەزۆری قیری لێ هەڵدەقووڵێ) "پەڕتووکی پێنجەم ١-١٦".*

*وەرگێڕ ئەم مێژووە لەسەر شاری "منسس" دەڵێت لە ژێرەوەی لاپەڕە ٣٣١ کە لە کەرکووکەوە نزیک نەبوو ئەگەر کانییە قیرەکان نەبووایە.*

*بەم جۆرە لێکدەرەوەکان شاری "منسس" بە کەرکووک دادەنێن، لەبەرئەوەی لە دووری چوار ڕۆژە ڕێگایە لە شاری هەولێرەوە و نزیکیشە لە کانییەکەی ناو ئەشکەوتەکە کە قیری بەشێوەیەکی زۆر لێ دێتە دەرەوە. لێرەدا دوو خاڵ هەیە کە شایانی تێبینییە. یەکەم: دووری نێوان کەرکووک و هەولێر ٨٧ کیلۆمەترە و ئەم دوورییە کەمتر خایەنە لە سێ ڕۆژ بۆ خێرایی هێرشی ئەسکەندەر. دووەم: لە نزیک کەرکووک ئەشکەوت نییە کە قیری لێ دەربێت، وا دیارە کە "کرتیس" جیاوازی نەکردووە لە نێوان قیر و نەوت.*

*پلوتارک "سەدەی یەکەمی زایینی" دەگێڕێتەوە وەکوو بۆچوونەکەی ئەسکەندەر کە ئەو ئەشکەوتە ئاگری لێ هاتۆتە دەرەوە، وە دەرچوونی ئاو لە کانی و کانێکی نەوتی ڕەش لە نزیک ئەو ئەشکەوتە. مەبەستی "پلوتارک" لە ئەشکەوتی ئاگرین و کانی نەوت ئاگری "باوەگوڕگوڕ" بووە، لەگەڵ نەوتی دەوروبەری گووتراوە کە لە ناوچەی هەمەدان بووە.*

*بەهیچ شێوەیەک نازانین کە مێژوونووسەکانی ئەغریقی و لاتینییەکان لە پەڕتووکەکانیان باسی سەردانی ئەسکەندەریان کردووە بۆ باوەگوڕگوڕ لەگەڵ کانییە نەوتەکان لەپاش ئەسکەندەر بە سێ سەدە، پاش زانینیان بە هەبوونی ئەو ئاگرە و نەوت لەکاتی فەرمانڕەوایی مەقدۆنییەکان لە عێراق و ئێران، یاخود لە ڕاستیدا ئەسکەندەر بەچاوی خۆی بینیویە.*

*وە لە پەڕتووکە کۆنەکانی کە باسی ناوچەی کەرکووکیان کردووە "سترابۆ" بووە لە ١٩-٦٣ی پ.ز. لە سەفەری جوگرافی "پەڕتووکی ١٦ بەشی ١، بەندی چوارەم"دا دەڵێ: لە پاش هەولێر و چیای "نیکاتۆریەم"، (کە ئەو ناوەیە ئەسکەندەر لە پاش سەرکەوتنی لە هەولێر ناوی ناوە)، زێی "کائرس" دێت، کە دوورییەکەی بەرانبەرە بە دووری زێی "الکس" لە هەولێر. ناوچەکە پێی دەڵێن "ئەرتکێنێ" و لە نزیک هرولێر شاری "دیمتریاس"ە. پاشان کانییە نەوتەکان و پاشان ئاگرەکان پاش جێگای خواپەرستی "ئەنێیا" و پاشان "سادراکێ" قەسری داریوس کوڕی "هیستاسپس" کە "سیپاریوس"ە یاخود کێڵگەی سرو و لە پاشان جێگای پەڕینەوەی زێی "کاپرس" کە نزیکە لە سلوقیە، بابل (سترابۆ ٣- لاپەڕە ١٤٤).*

مامۆستا تۆفیق وەهبی ڕوونکردنەوەی ئەم باسە بە پێویست نازانێ بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ چەسپاندنی شوێنی جوگرافی بکەن و بە "سترابۆ" ببەستن. ئەو دەڵێ:

ئەم شێوە باسەی کە کردوویەتی، شێوەیەکی چەواشەیە و هەڵەیە، وە تێبینی ڕستەی کۆتایی بەسە بۆ ئەوەی کە بیرێکی چەواشەیە لە باسکردن. "سترابۆ" بەبێ بینینی ئەم وڵاتە و بەبێ ئەوەی کە پێیدا تێپەڕێ، باسەکەی نووسیوەتەوە. ئەم ڕوونکردنەویە وای بۆ دەچێ کە ناوی "نیکاتۆریم" ناوی ئەوچیایەیە کە ئەسکەندەر ناوی ناوە و ئێستا ئێمە پێی دەڵێین "قەرەچووغ" (هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٤٤ بەرخی ١). وا باس دەکرێ کە "کاپرس" زێی خوارووە و "لکس" زێی سەروو و واشدەزانن کە "ئەرتکێنێ" دەبێ بە "ئەربلینێ" بخوێندرێتەوە، ئەم کارە ئەوە نیشان دەدا کە ئەو شوێنەیە "بەتلیموس" ناوی ناوە بە "ئەربلیتیس". باوەڕ لەوەدا ئەوەیە کە "سزابۆ" لە سەرچاوەکەی نووسیویەتی "ئەدیابێنێ"، وە ئەوێ ناوچەیەک بووە کە هەولێر بەشێک بووە لێی.

شوێنی شاری "دیمیتریاس" ناتوانین ئێستا دیاری بکەین بەڵام کانگای نەوت و ئلخری دەوروبەری شتێکی ئاشکرایە. خومانی تێدا نییە کە ئلخرەکە "باوەخورخورِ"ە، بەڵام خواپەرستی "ئەنێیا" شوێنی نەدۆزراوەتەوە. بەڵام زاراوەی "ئەنێیا" لە "ئەنائێتێس" وەرخیراوە(هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٤٤ بەرخی ٣). کە ناوێکی ئەغریقییە و لە زاراوەی ئێرانی "اناهیتا" وەرخیراوە، واتە خواوەندی ئاوی ئاڤێستا.

بەڵام "سادراکێ" کە قەسرێکی "دارا" کوڕی "خشتاسپ" بووە، تاکوو ئێستا کەس نەیتوانیوە جێگایەکەی دیاری بکا، چ بە زار یاخود شوێن، وە هەروەها "باخچەی سرو"ش دیاری نەکراوە(هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٤٤ بەرخی ٤).

ئەو پێی وایە کە هەرچەندە نەیتوانیوە ئەو باخچە چێندراوە بە داری سرو شوێنەکەی دیاری بکات، بەڵام چەندین ناوی تر هەیە کە نەتوانراوە شوێنەکانیان دیاری بکرێ وەکوو: شوێنی خواپەرستی "ئەنێیا"، قەسری پادشای "سادراکێ". لێرەدا ئەو سەرنج دەخاتە سەر ناوی "ئەرتکێنێ" و بەم شێوەیەی باس دەکات:

هەندێ لە لێکۆڵەرەوان دەڵێن کە "ئەرتکێنێ" کۆپی نادیارە بۆ "ئەدیابێنێ"، من دەڵێم ئەمە کۆپی نییە بۆ "ئەدیابێنێ" بەڵکو کۆپییە بۆ "کرکێنێ". ئەمە ناوی وڵاتێک بووە لە کاتی "سترابۆ" کە پایتەختەکەی شارێک بوو ئەمڕۆ پێی دەڵێن "کەرکووک"، وە کە ناوی "کرکێنێ" نەخت کراوە بۆ کاتی ئەغریقییەکان دەخەرێتەوە. ناوەکە لە ناوی "کرک" وەرخیراوە کە لە کاتی "سترابۆ"وە هەبووە تاکوو سەرەتای سەدەی دووەمی پ.ز. لەبەرئەوەی "فرێر"ینەکان ئەغریقییەکانیان پێش چارەخی دوایی ئەو سەدەیە لە ڕۆژهەڵاتی دەجلە بەتەواوی دەرکردووە، وە لەبەرئەوەی "سلوقس" کە ئارامییەکان ناویان تێکەڵ کردووە بە "کرخ دسلۆخ"، دەبێت یەکێک بێت لەو چوار سلوقییانەی کە فەرمانڕەواییان کردووە لە ١٧٥-٣١٢ی پ.ز. لەوانەیە ناوەکە لە سەردەمی "سلوقس" "کالینیکۆس" ٢٢٦-٢٤٦ی پ.ز. دانراوە، کە ڕەنگبێ ئەو پارێزتنی بۆ "کەرکووک" دروست کردووە و دووبارە شوورەی دەورەکەی دروست کردۆتەوە و حامییەیەکی ئەغریقی بۆ دروست کردووە، کە دەستبەسەرەکانیان ڕایان کێشاوە. "پۆلیبیس" نزیکەی ١٢٠-٢١٠ی پ.ز. لەسەر هەموو شارە ئەغریقییەکانی هەموو سنووری "ماد" خوتوویە: ئەوەی بۆ زیاد دەکەن کە لە سەردەمی پادشای سلوقوسی دووەم هەندێ لە هۆزە شاخاوییەکان (چیاییەکان) شوێنی زۆر چاکیان هەبووە بۆ خۆپاراستن کە لەژێر فەرمانڕەوایی ئەغریقییەکان نەبوونە (پیرنیاج لاپەڕە ٢٠٧٥).

لە نزیکەی چارەخی کۆتایی سەدەی دووەمی پ.ز. دا، وڵاتێ هەبووە کە سەر بە پادشای پادشایان "فرێر" بووە لە پارچەیەک لە وڵاتی عەرەب کە دەکەوێتە باکووری کەنداوی فارسی و ناوی بە "کرکێنێ" ناسراوە. وا پێ دەچێ بۆ ناوی پایتەختەکەی بگەڕێتەوە کە "کرک" بووە، کە ئەویش "پاسینۆخرک"ە و ناوی بە "کرخ میسان" براوە، لە نووسراوە مەسیحییەکان بە ناوی "کرخادمیشان"هاتووە، کە ئەویش "مەحمەرە" یاخود "خورەم شەهر"ە.

لەهەمان کاتدا بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا هەبووە، کە ئەوانیش پایتەختەکەیان "کرک" یاخود "کرخ" بووە، وە کە لە نووسراوەکانی کەنیسەکان بە "کرخ دسلۆخ" باس کراوە کە ئێستا بە "کەرکووک" دەناسرێ "

1-Herzteld، Archacoligieal History of Iran.

*P. 9" بێگومان ناوچەی کەرکووک لەو سەدانەدا بە "کرکێنیێ" ناونراوە بەنیسبەت پایتەختەکەی "کرک"، وەکوو کورە "میسان" بە "کرکێنی" کە پایتەختەکەی "کرک" بووە. شوێنێکی تر هەبووە کە ناوی "کرکێنیێ" بووە و سەر بە "کرک" بووە لە "سوسیانا"، یاخود "خوزستان". سەرچاوە کەنیسەکان "کرن" بە "کرخ لیدان" ناودەبەن.*

*خوترا کە ناوی "کرکێنیێ" لە ناوی "کرک"ەوە هاتووە لەخەڵ زیادکردنی (ێنیێ - ene)، ئەمەش دەخەرێتەوە سەردەمی ئەغریقی. لێرەدا هەندێک نموونە لە ناوی جوخرافی و کارخێرێ دەبینین کە لە دەوری مەقدونییەکاندا هەبوونە:*

*اتروپات– ێنیێ ناوی ناوچەیەکە لە ئەرمینیا.*

*کالاک– ێنیێ ناوی ناوچەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ.*

*کامبیس– ێنیێ ناوی ناوچەی ئازەربایجان.*

*ملیت– ێنیێ ناوی ناوچەیەک بووە لە کاپادوکیا"ئێستا ناوی مەلاتیە"یە.*

*یارێر– ێنیێ ناوی ناوچەی فرێییەکان بوو "نێوان ماد و باختریان".*

*کوردی– ێنیێ ناوی وڵاتی کوردانە.*

*لە سەرەتای سەدەی مەسیحیدا دوو پادشا هەبوونە کە سەربەخۆیی ناوخۆیان هەبووە لە ناو ئیمپراتۆریەتی فرێییەکان. وڵاتی "ئەدیابێنیێ" کە پایتەختەکەی هەولێر بووە و پادشایەکەی ناوی "ئێزەت"ی یەکەم بووە. وە وڵاتی "کرکێنیێ" لە خواروی زێی خواروو و پایتەختەکەشی "کرک" "کەرکووک" بووە، پادشایەکەی "ئەدیترخلوس" بووە. ئەم دوو وڵاتە لە کاتی ساسانییەکانیش "نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی زایینی" هەبوونە. لەو سەردەمەدا پادشای "ئەدیابێنیێ" پێیان دەخوت "شەهرەت" و پادشای کەرکووک "کرخ سلۆخ" پێیان دەخوت "دومیتیان"* Dehevoisea Politieal History of Parihia. P. 269

*هیچ شکی تێدا نییە کە لەو سەدانەدا بە ناوچەی "کەرکووک"یان دەخووت "کرکێنیێ" هەروەکوو پێشتر دەستنیشان کرا، وە بە زاراوەی ئارامییەکان "کرخێنیێ". ئەو ناوەی کە بەردەوام بووە وەکوو "کرخێنیێ" لە سەدەی حەوتەمی کۆچی دا، کە یاقوت ٦٢٦ – ١٢٢٨ باسی کردووە و دەڵێ: ((کرخێنیێ قەڵایەکە لە ژێرەوەی زەوییەکی بەپیتی پارێزراوە لە نێوان "دقوقا" و "اربل"، بینیومە خردێکی بەرزە و لوتکەیەکی بچووکی هەیە)). دەکرێ بگوترێ کە ناوی کەرکووک "کرک" بووە کە بە ئارامی "کرخ"ە. سەرچاوەکانی کەنیسەکان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن لە باسکردنیاندا "کرخ دسلۆخ" لە لایەک و ویشیتە یاقوت بە ناوی "کرخێنیێ" لە لایەکی ترەوە. وە وشەی "کرخێنیێ" لە باسەکەی یاقوت دا دەردەکەوێ کە وەکوو "کرکێنیێ" خوتراوە، کە "کرکێنیێ" دەخەرێتەوە بۆ پێش چۆلکردنی ئەغریقییەکان لە ناوچەکە دا. واتە پێش سەدەی دووەمی پ.ز. بەڵام خوتنی "کەرەک" لە جیاتی ناوی کەرکووک، کۆنترە لە زەمانی ناوی "کرکێنیێ"ی ئەغریقی، لەوانەیە ناوی "کەرەک" لە وەختی "هەخامەنشین"یەکان بووبێت، کە ناوی "کرک" پیشان دەدا.*

مامۆستا تۆفیق وەهبی وای بۆ دەچێ کە ناوی "کرک" "کەرەک" لە وشەی "کار"ەوە وەرخیراوە، کە ئەویش وشەیەکی ئاشوورییە و بە واتای (قەڵا- دێی پارێزراو)ە، وە لە پاشکۆی هیندی ئێرانی کۆن "ak"ی دیار، هەروەک بەم شێوەیەی خوارەوە باسی لێوە دەکات:

*دەردەکەوێ کە "ماد - کورد"ە ئارییەکان وشەی "کەر - وک"یان پێک هێناوە. (لە زمانی کوردیشدا ناوی "کەرەک" بەکاردێت بۆ بنیادنانی شوورەبەرد لە دەوری کانی ئاو و مەزار (قەبر) و شتی تر. ئەمانە پێیان دەخوترێ کەڵەکەبەرد واتە "شوورەی بەرد" و هەروەها "محلە" پێی دەخوترێ "خەرەک". لەوانە وشەی "کەڵەک" "کلک"، شتێکە بۆ هاتووچۆ بەکاردێت لە سەرووی زێی دەجلە و دەوروبەری، کە دەخەرێتەوە بۆ "کەرەک" "کرک": "کەرەک" بە چەند شتێک کە لەسەریەک دادەنرێت بە شێوەیەکی بەستراو، یاخود شوورا دروست دەکرێت لە دێهاتەکان دا. ئارامییەکان بە شێوەی "کرخ" دەیخوێننەوە، کە بووەتە ناو بۆ چەند شوێنێکی قایم: "کرخ" لەلای ئارامییەکان بە واتای شارێکی پارێزراو بە شوورەیەکی خۆڵی یاخود بەربەستێکی خۆڵی پاڵپشت بە سنگ دێت)  Sehall ((partltian Stuons by Isidote of chasaxmp. 17 and p.30)). شایانی باسە لێرەدا تێبینییەک بکرێت لە نێوان "وەرە" بە ئافیستی کە واتای "وەرخێراو" دەخەیەنێت و وشەی "کار"ی ئاشووری کە یەک مانایان هەیە.*

*ئارامییەکان بە "کەرکووک" دەڵێن "کرخ سلۆخ" و ئەمە ئەوە دەخەیەنێت کە شاری کەرکووک سلوقییەکان بە پایتەختی خۆیان داناوە و بەهێز و پارێزراوە لەلایەن "سلوقسی دووەم" ٢٢٦ – ٢٤٦ی پ.ز. وەکوو پێشتر باس کرا.*

**ئارامییەکان ناوی "کرخ"یان بۆ دێی "کەرکووک" تۆمار کردووە، ئەوەش ئەمە دەخەیەنێ کە بەو ناوەوە ناو دەبرا تاکوو کاتی موسوڵمانەکان، وە لە کاتی موسوڵمانەکانیش هیچ بەڵگەیەک یاخود هۆیەک نییە بۆ لابردنی ناوی "کەرەک"، بەڵام جێگای سەرنجە و شتێکی نائاساییە کە "یاقوت لە معجەمەکەیدا لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ئەو ناوەی باسکردووە کە ئەغریقییەکان پێش ١٥٠٠ ساڵ لە ڕۆژانی ئەو خوتوویانە، ئەویش "کرخێنێ"ە کە بووەتە "کرکێنێ"(٦).**

**<u>سەرچاوەکان و تێبینی:</u>**

**١. یەکەم ئاماژەی مێژوونووسەکانی ئیسلامییە بە کەرکووک بە ناوی (چەرنامە)، نووسراوی (عەلی یەزیدی)، لە سەدەی پازدەدا نووسراوە. (بڕوانە نووسراوەی لسترنج بە ناوی وڵاتەکانی خلافەتی ڕۆژهەڵات، لاپەڕەی ٩٢). (لە پەڕتووکی (کورد، تورک و عەرەب) نووسینی سیسیل ج. ئیدمۆنس. حامید خەوهەری لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی)یەوە وەرخێراوە.**

**٢. لە وتارێکی مامۆستا (تۆفیق وەهبی)، کە لە خۆڤاری (الکتاب)ی کۆمەڵەی نووسەران و دانەران و وەرخێڕان، لە ژمارەی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە.**

**٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٧. لە وتارەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی بە یارمەتی کاک نافع عەلی لە عەرەبییەوە وەرخێڕدراوەتەسەر زمانی کوردی.**

sirwank@hotmail.com